

# یاسای هاتوچۆ

3

23
36



# TRAFFIC LAW



## 23 مێژووی یاسای هاتوچۆ

ئامانج لە یاساکانی هاتوچۆ بریتییە لە پاراستنی سەلامەتی شۆفێر و سەرجەم هاونیشتمانیان، وەک بەکارهێنەرانی ڕێگا. ئەگەر وەک شۆفێرێک پابەندنەبیت بە یاساکانەوە، نەک تەنیا خۆت، بەڵکوو کەسانی سەر شەقامەکانیش دەخەیتە مەترسییەوە.



یاسای گواستنەوە لە وشکانی ژمارە 50ی ساڵی 1935 بە یەکەم یاسای هاتوچۆ دادەنرێت لە عێراق. پاشان یاسای ژمارە 48ی ساڵی 1971، پاشان یاسای ژمارە 86ی ساڵی 2004 کە لە لایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق) دەرچوو و تاوەکوو ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت.

**تێبینی:**

یاسای ژمارە 86ی ساڵی 2004 لە 38 بەش و پاشکۆیەک پێکهاتووە. گرنگترین ئەو بەشانەی کە پێویستە وەک شۆفێر پابەندیان بیت لەم بەشەدا هاتوون.





**پێناسەی یاسایی:**
دەقێکی ڕێکخراوە، لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەندکراوە، ناساندن بۆ بابەتێک دەکات و لەسەر بنەمای پێناسەکە سزا و پاداشت دیاری دەکرێت. تەنیا بە یاسایەکی دیکە دەگۆڕدرێت.

## 24 جۆرەکانی مۆڵەتی شۆفێریی





- مۆڵەتی شۆفێریی A ماتۆڕسکیل
- مۆڵەتی شۆفێریی B-BE ئۆتۆمبێلی تایبەت
- مۆڵەتی شۆفێریی C1-C1E-C-CE ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر
- مۆڵەتی شۆفێریی D1-D1E-D-DE ئۆتۆمبێلی پاس
- مۆڵەتی شۆفێریی T ئامێرەکانی بیناسازی و کشتوکاڵی

### مەرجەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی ئۆتۆمبێلی تایبەت چین؟

بەپێی یاسای هاتوچۆی ژمارە 86ی ساڵی 2004، ئەو کەسەی دەیەوێت مۆڵەتی شۆفێریی ئۆتۆمبێلی تایبەت بەدەستبهێنێت، دەبێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

1. تەمەنی 18 ساڵی تەواوکردبێت.
2. نابێت دادگا سزای دابێت بە بێبەشکردنی لە لێخوڕینی سوارڕۆکان.
3. دەبێت لە ڕووی تەندروستی جەستەییەوە پشتگیری کرابێت و لە پشکنینی پزیشکی دەربچێت.

### هەنگاوەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی ئۆتۆمبێلی تایبەت چین؟

بەدەستهێنانی مۆڵەت بە چەند هەنگاوێک دەبێت و پێویستە لە سەرجەم هەنگاوەکاندا مەرجەکان بەدیبهێنێت.

1. پڕکردنەوەی فۆڕم.
2. دەرچوون لە پشکنینە پزیشکییەکان کە بۆ پێدانی هەموو جۆرەکانی مۆڵەتی شۆفێریی دیاریکراون.
3. خولەکانی تیۆری و پراکتیکی ببینێت لە یەکێک لە ناوەند یان نووسینگەکانی فێرکردنی شۆفێریی.
4. دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی تایبەتمەند.

بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ی وەزارەتی ناوخۆ



**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری A**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ماتۆڕسکیلێک لێبخوڕێت کە قەبارەی هێزی بزوێنەرەکەی لە (125 cc) کەمتر نەبێت و ماتۆڕسکیلی جۆری (hybrid یان کارەبایی) دەگرێتەوە.



**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری B**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێک لێبخوڕێت کە کێشی بە بارەوە لە (3500) کیلۆگرام زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر نەبێت، واتا بە هەردووکیان بە بارەکانیانەوە کێشیان لە (3500) کیلۆگرام زیاتر نەبێت. هەڵگری ئەم جۆرە مۆڵەتە دەتوانێت ئامێری جۆری (T) لێبخوڕێت، بە هەمان مەرجی کێشی ئۆتۆمبێل و عەرەبانە.



**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری BE**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێک لێبخوڕێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت، کە کێشی عەرەبانەکە لە (750) کیلۆگرام زیاتر بێت، بەو مەرجەی کێشی ئۆتۆمبێل و عەرەبانەکە لە (3500) کیلۆگرام زیاتر نەبێت.



**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری C1**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لێبخوڕێت، کە کێشی بە بارەوە لە نێوان (3500) بۆ (7500) کیلۆگرام بێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر نەبێت.



**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری C1E**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لێبخوڕێت، کە کێشی بە بارەوە لە نێوان (3500) بۆ (7500) کیلۆگرام بێت و عارەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر بێت.



**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری C**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لێبخوڕێت، کە کێشی بە بارەوە لە (3500) کیلۆگرام زیاتر بێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر بێت.



**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری CE**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی کە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر لە جۆری ترەیلەر و (قاطرة و مقطورة) لێبخوڕێت، کە کێشی لە (750) کیلۆگرام زیاترە.

## 26 مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی شۆفێریی

### مەرجی تەمەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێریی




**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری D1**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی پاس لێبخوڕێت، کە ژمارەی سەرنشین و شۆفێرەکەی لە (16) شازدە کەس زیاتر نەبێت و درێژی پاسەکە لە (8) هەشت مەتر زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت.

**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری D1E**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی پاس لێبخوڕێت، کە ژمارەی سەرنشین و شۆفێرەکەی لە (16) شازدە کەس زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر بێت.

**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری D**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێکی پاس لێبخوڕێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر نەبێت.

**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری DE**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئۆتۆمبێلێکی پاس لێبخوڕێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (750) کیلۆگرام زیاتر بێت.

**دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی جۆری T**

تایبەتمەندییەکانی بەدەستهێنانی ئەم جۆرە مۆڵەتە: ڕێگەدەدات بە هەڵگرەکەی ئامێری کشتوکاڵی لێبخوڕێت، کە خێراییەکەی لە (40) کیلۆمەتر زیاتر نەبێت و دەتوانێت عەرەبانەیەک ڕابکێشێت، هەروەها ئامێری بیناسازی لێبخوڕێت کە خێراییەکەی لە (60) کیلۆمەتر زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت.

**مۆڵەتی شۆفێریی جۆری (TAXI)**

1. گۆڕینی مۆڵەتی شۆفێریی جۆری(B) بۆ (تاکسی) پێویستی بە تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی نییە.
2. لە دوای تەواوکردنی ڕێکارەکانی وەرگرتنی لۆگۆی تەکسی، مۆڵەتی شۆفێریی دەگۆڕدرێت بە مۆڵەتی تەکسی.

## 27 · 21 لێخوڕین بە بێ مۆڵەتی شۆفێریی



1 هەر کەسێک سوارڕۆ لێبخوڕێت بە بێ مۆڵەتی شۆفێریی یان مۆڵەتەکەی لێسەندرابێتەوە یان مۆڵەتی هەڵوەشێندرابێتەوە یان مۆڵەتەکەی تایبەت نەبێت بە جۆری سوارڕۆکەی سزا دەدرێت بە سزای دارایی لە 250,000 دینار کەمتر نەبێت و لە 1,000,000 دینار زیاتر نەبێت.
ئەو کەسەی سوارڕۆکەی لە بەردەستە (خاوەنی بێت یان لە ژێر دەستی بێت) هەمان سزا دەدرێت، ئەگەر ڕێگە بدات کەسێکی مۆڵەتپێنەدراو ئەم سوارڕۆیە لێبخوڕێت.

2 لە ئەگەری دووبارە ئەنجامدانەوەی ئەو تاوانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا باسکراوە ئەوە سزاکە دەبێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە دەبێت لە یەک مانگ کەمتر نەبێت و لە 3 مانگ زیاتر نەبێت و بە سزایەکی دارایی لە 250,00 دینار کەمتر نەبێت و لە 1,000,000 دینار زیاتر نەبێت.

## 28 · 22 لێخوڕین بە سەرخۆشی یان لە ژێر کاریگەری ماددە هۆشبەرەکان

هەمواری 2018



1 ئەگەر کەسێک بە سەرخۆشی سوارڕۆکەی لێبخوڕێت یان لە ژێر کاریگەری ماددە هۆشبەرەکاندا بێت، سزا دەدرێت بە بەندکردن، کە ماوەکەی لە 3 مانگ کەمتر نەبێت و لە 6 مانگ زیاتر نەبێت، یان بە سزایەکی دارایی کە لە 500,000 دینار کەمتر نەبێت و لە 1,500,000 دینار زیاتر نەبێت و مۆڵەتی شۆفێرییەکەی لێ دەسەندرێتەوە بۆ ماوەیەک لە 3 مانگ زیاتر نەبێت.

2 لە ئەگەری دووبارە ئەنجامدانی ئەو تاوانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا دەقی لەسەر کراوە، سزاکەی دەبێتە بەندکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە 6 مانگ و زیاتر نەبێت لە یەک 1 ساڵ یان بە سزای دارایی کە لە 2,000,000 دینار کەمتر نەبێت و لەگەڵ لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێریی بۆ ماوەیەک لە 6 مانگ کەمتر نەبێت.

3 لە کاتی ئەنجامدانەوەی تاوانەکە بۆ زیاتر لە دوو جار سەرەڕای ئەو سزایانەی لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێرییەکە بۆ ماوەیەک دەبێت لە 3 ساڵ زیاتر نەبێت.

4 پێویستە لەسەر دادگا، بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پەیوەندیدار لە دەرکردنی بڕیاری لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێریی ئاگاداربکاتەوە لە دوای حوکمی کۆتایی تاوانبارکردنەکە.

## 29 23 لێخوڕین بە کەمتەرخەمی و سەرشێتی

1 هەر کەسێک بە هۆی لێخوڕینی سوارڕۆیەک بێتە مایەی ئازاردان یان نەخۆشی گەورە یان پەککەوتنی هەمیشەیی بۆ کەسانی دیکە یان زیانگەیاندن بە سەروەت و سامانیان بە هۆی ڕەچاوەنەکردنی یاسا و ڕێنماییەکان ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە 6 مانگ کەمتر نەبێت و لە 2 ساڵ زیاتر نەبێت و بە پێبژاردنێک لە 750،000 دینار کەمتر نەبێت و لە 1،500،000 دینار زیاتر نەبێت سزا دەدرێت لەگەڵ لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێرییەکەی بۆ ماوەیەک لە 6 مانگ کەمتر نەبێت.

2 ئەگەر تاوانەکە ئەنجامدرابوو لە کاتی لێخوڕینی سوارڕۆیەکە بە سەرکێشی یان بێ باکی یان شۆفێرەکە لە ژێر کاریگەری ماددەیەکی سەرخۆشکەر یان هۆشبەر بوو یان یارمەتی ئەو کەسەی نەدابێت کەوا تاوانەکەی بەرامبەر کردووە یان داوای یارمەتی نەکردبێت بۆی لەگەڵ بوونی توانای یارمەتیدانی ئەوا سزاکەی دەبێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە 1 ساڵ کەمتر نەبێت و لە 3 ساڵ زیاتر نەبێت و بە سزایەکی دارایی کە لە 1،000،000 دینار کەمتر نەبێت و لە 1،500،000 دینار زیاتر نەبێت لەگەڵ لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێری بۆ ماوەیەک لە 1 ساڵ کەمتر نەبێت.

3 پێویستە لەسەر دادگا بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ لە دەرکردنی بڕیاری لێسەندنەوەی مۆڵەتی شۆفێری ئاگاداربکاتەوە لە دوای حوکمی کۆتایی تاوانبارکردنەکە.

## 30 24 بوونە هۆکاری مردن بە هۆی لێخوڕینی مەترسیدارەوە

1 هەر کەسێک بێت بە هۆکاری مردنی کەسێک لە ئەنجامی لێخوڕینی سوارڕۆ بە هۆی ڕەچاوەنەکردنی یاسا و سیستەم و بڵاونامە تایبەتەکان، سزادەدرێت بە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە 5 ساڵ و زیاتر نەبێت لە 7 ساڵ و بە پێبژاردن کە کەمتر نەبێت لە 1,000,000 دینار و زیاتر نەبێت لە 1,500,000 دینار.

2 سزاکە دەبێتە زیندانیکردنی بۆ ماوەیەک کە کەمتر نەبێت لە 7 ساڵ و زیاتر نەبێت لە 10 ساڵ. لەگەڵ پێبژاردنێک کە کەمتر نەبێت لە 1,500,000 دینار و زیاتر نەبێت لە 3,000,000 دینار یان بە هەردوو سزاکە سزادەدرێت، ئەگەر هاتوو لە تاوانی ئاماژە بۆ کراودا لە بڕگەی 1ی ئەم بەشە بێتە هۆی مردنی زیاتر لە کەسێک و زیانگەیاندن بە سەختی برینداركردن یان شێواندنی هەمیشەیی زیاتر لە یەک کەس.

3 هەر کەسێک، بێتە هۆی مردن بە هۆی لێخوڕینی سوارڕۆکەی بە کەمتەرخەمی یان سەرشێتی لە ژێر کاریگەری ماددە سەرخۆشکەر یان هۆشبەرەکاندا یان بە بێ ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی تایبەتمەند سزادەدرێت بە زیندانیکردنی بۆ ماوەیەک لە 7 ساڵ کەمتر نەبێت و لە 10 ساڵ زیاتر نەبێت یاخود بە پێبژاردن لە 3,000,000 دینار کەمتر نەبێت و لە 5,000,000 دینار زیاتر نەبێت.

4 بەگوێرەی ئەو تاوانەی لە بڕگەی 3ی ئەم بەشەدا دیاری کراوە، ئەگەر کەسێک بێتە هۆی مردنی کەسێک یان چەند کەسێک یاخود بێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکی سەخت یان برینداربوونی سەخت بۆ چەند کەسێک، بە زیندانیکردن سزادەدرێت بۆ ماوەیەک کەمتر نەبێت لە 10 ساڵ و زیاتر نەبێت لە 20 ساڵ یاخود بە پێبژاردن کەمتر نەبێت لە 5,000,000 دینار و زیاتر نەبێت لە 7,000,000 دینار.

## 25 31 ناوچە تەرخانکراوەکان بۆ تێپەڕینی پیادە



1 دروستبوونی ڕووداو لە ناوچەی تەرخانکراو بۆ پەڕینەوەی پیادە لەو ڕێگایانەی کە هێما و هێڵکاری یاخود شۆفێری کەمتەرخەم یارمەتی کەسی زیان لێکەوتووی نەدا بە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە یاخود هەر بنکەیەکی تەندروستی یان بە ئاگادارنەکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوا بە بارودۆخی توند (ظروف مشددة) دەژمێردرێت بۆ ئەو سزایانەی کە لە هەردوو بەشی 23 و 24ی ئەم یاسایەدا هاتوون.

2 سزاکە کەم دەکرێت بۆ بڕگەی 1ی ئەم بەشە، ئەگەر ڕووداوەکە دووربێت لە ناوچەکانی پەڕینەوە یاخود ئەگەر شۆفێرەکە دەستبەجێ یارمەتی بریندارەکە بدات، بە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە یاخود هەر بنکەیەکی تەندروستی یان بنکەی پۆلیسی ئاگادارکردەوە بە هەر هۆکارێک بێت.

## 26 32 دەستدرێژیکردنە سەر پۆلیسی هاتوچۆ




1 هەر کەسێک سووکایەتی بکات یان بەرهەڵستی پۆلیسی هاتوچۆ بکات لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرک و فەرمانەکانیدا سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک کە لە 2 ساڵ زیاتر نەبێت.

2 هەر کەسێک هەڕەشە یان هێرش بکاتە سەر پۆلیسی هاتوچۆ لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرک و فەرمانەکانی، سزا دەدرێت بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە 3 ساڵ.

3 هەر کەسێک هێرش بکاتە سەر ئەفسەری هاتوچۆ لە کاتی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی و ئەگەر بە هۆی ئەو هێرشکردنەوە بریندارببێت یان زیانی پێبگات، سزا دەدرێت بە دەستبەسەرکردن بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە 5 ساڵ. ئەگەر سزایەکی دیکە هەبێت لە یاسایەکی دیکەدا، ڕێگری ناکرێت لە سەپاندنی ئەو یاسایە لەسەری.

## 33 هەڵپەساردنی مۆڵەتی شۆفێریی

27



کاتێـک دادگا سـزایەک دەردەکات بـە لێسـەندنەوەی مۆڵەتـی شـۆفێریی سـزادراو بـۆ ماوەیـەک کەمتـر نەبێـت لـە 1 سـاڵ و زیاتـر نەبێـت لـە 3 سـاڵ ئەگـەر حوکمدراوەکـە خاوەنـی مۆڵەتـی شـۆفێریی نەبێـت بێبـەش دەکرێـت لـە بەدەسـتهێنانی مۆڵەتـی شـۆفێریی ئۆتۆمبێـل بـۆ مـاوەی 3 سـاڵ کـە دەسـتپێدەکات لـە دوای دەرکردنـی بڕیـاری سـزادانەکە.

## 34 جێبەجێکردنی توندترین سزا

28

ئەگـەر دەقـی یاسـایەکی دیکـە هەبێـت سـەبارەت بـە سـزای توندتـر لـە کاتـی ئەنجامدانی یەکێـک لـە کردارەکانـی سـزا لەسـەردراو لـەم یاسـایەدا، توندتریـن سـزا پەیـڕەو دەکرێت.



## 35 بەڵگەنامەی سەلماندن

29

1 دادگا بـۆی هەیـە پشـت ببەسـتێت بـە وێنـە و بڵاونامـە و بڕیارەکانـی وەرگیـراو لـە ڕێگـەی ئامرازەکانـی پشـکنین و پێوانەکردنـی ئاسـتی سەرخۆشـی و ئامێرەکانـی چاودێـری سـەرپێچییەکان و هێڵـکاری شـوێنی ڕووداو لـە لایـەن کارمەنـدی هاتوچـۆ ڕێکدەخرێـت کـە دەبێـت پلەکـەی لـە عەریـف کەمتـر نەبێـت.





## پێشڕەوییەکانی هاتوچۆ

**1** پێشڕەوییەکانی هاتوچۆ بەم شێوەیەی خوارەوە دەبن:

- بەدەست ئاماژە بۆ کردن لە لایەن پۆلیسی هاتوچۆ لەسەر گلۆپی هاتوچۆ و هێماکانی ڕێگاوبان، پێشڕەوی گلۆپی هاتوچۆ لەسەر هێماکانی هاتوچۆ هەیە.
- پێشڕەوی سوارڕۆی جووڵاو بەرامبەر بە سوارڕۆی وەستاو.
- پێشڕەوی سوارڕۆیەکی ڕێگای سەرەکی بەرامبەر بە ڕێگای لاوەکی.
- پێشڕەوی سوارڕۆی ڕاسترۆیشتوو بەرامبەر بە سوارڕۆیەک کە پێچدەکاتەوە.
- پێشڕەوی سوارڕۆی پێشکەوتوو بەرامبەر بە سوارڕۆی دواکەوتوو.
- پێشڕەوی ئەو سوارڕۆیانەی کە لە ناو فلکەدان یان لە لای ڕاستی یەکتربڕەکانەوە دێن.
- پێشڕەوی سوارڕۆیەک کە بە هەورازدا سەردەکەوێت بەرامبەر بەو سوارڕۆیانەی دێنەخوارەوە.
- پێشڕەوی ئەو سوارڕۆیانەی دەڕۆن بەرامبەر بەو سوارڕۆیانەی دەیانەوێت بێنە ناو ڕێگاکەوە.
- پێشڕەوی تێپەڕینی هەر هۆیەکی گواستنەوەی سەر هێڵی ئاسن بەرامبەر بە سوارڕۆکانی دیکە.







**2** ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن کاتێک لە ئەرک و فەرماندا بن پێشڕەوییان هەیە بەرامبەر بە هەموو جۆرە سوارڕۆکانی دیکە؛ پێشڕەوییەکە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- ئۆتۆمبێلەکانی فریاکەوتن
- ئۆتۆمبێلەکانی ئاگرکوژێنەوە
- ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیس
- ئۆتۆمبێلەکانی پۆلیسی هاتوچۆ
- ئۆتۆمبێلەکانی بەشدار لە مەراسیمە فەرمییەکان
- ئۆتۆمبێلەکانی ئەندامانی هێزەکانی هاوپەیمانان
- ئۆتۆمبێلە ئاساییەکان کاتێک وەک ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن بەکاردەهێنرێن

جۆرەکانی فەرارە



**3** پێشڕەوی بۆ پیادەیە لەسەر هێڵی پەڕینەوە لە بەرامبەر سوارڕۆکاندا.

**4** کاتێک بەشێک لە شەقامێکی دوو ئاراستە دادەخرێت، پێشڕەوی بۆ ئەو لایە دەبێت، کە دانەخراوە.




### ژمارە تەلەفۆنەکانی فریاکەوتن

لە کاتی هەبوونی هەر بارودۆخێکی کتوپڕدا پەیوەندی بکە بە یەکەکانی فریاکەوتن، ژمارە **911** یاخود:

115
440
104
122

- ئاگرکوژێنەوە
- پۆلیسی هاتوچۆ
- پۆلیسی فریاکەوتن
- فریاگوزاری (ئەمبولانس)





•••

**NO COMMENT!**